## بە هەماهەنگیی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە.. دژەتیرۆری عێراق ئۆپەراسیۆنێکی لە چیای قەرەچووغ ئەنجام دا



ئەمڕۆ هەینی، هێزەکانی پێشمەرگە و دژەتیرۆری عێراق ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی هاوبەشیان لە چیای قەرەچووغ ئەنجام دا.

دەزگای دژەتیرۆری عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە دا، دەزگاکە بە هەماهەنگیی هێزەکانی پێشمەرگە، ئۆپەراسیۆنێکیان لە زنجیرە چیاکانی قەرەچووغ ئەنجام دا.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، لەو ئۆپەراسیۆنەکەدا، 18 پێگە و 4 تونێلی داعش خاپوور کران.

ئاماژە بەوەش کراوە، هەر لەو ئۆپەراسیۆنەکەدا، کەرستەی سەربازیی و ئێسکوپروسکی چەندین چەکداری داعش دۆزرانەوە.